# بێوەژنە گەنجەکان روو لەکوێ بکەن؟



هانا شوان

مەسەلەیەکی حاشا هەڵنەگرە کە گۆڕانی کۆمەڵایەتی حەتمیەو بەدەر لە گریمانەکانی چۆنو بۆچیو کەی روودەدا؟ ئەو کۆمەڵگایە تاچەند ئامادەیی ئەو گۆڕانەیەو خودی گۆڕانەکانیش چین؟ چۆن بە سەر تاکەکاندا رەنگدەداتەوەو تاکەی شەڕی خۆ سەپاندن دەکات؟ مەسەلەی هاوسەرگیری لەلای ئێمە بەڕێژەی جیا، بە بازنەیەکی تێکەڵ لە رقو شەرمو ترسو شەڕ و پیرۆزی تەنراوە، لەدوای ڕاپەرینەوە جگە لە هاوسەرگیری تەقلیدی شێوازی جیای هاوسەرگیری دزەی کردە ناو حەساسترین پرۆژەوە، کە دروستکردنی خێزانە، کە بچوکترین یەکەی کۆمەڵایەتیە، هاوتەریب لەگەڵیدا شێوازە باوە پڕ هەڵەکانی وەك: ژن بە ژن بە منداڵی مارەبڕینو بەزۆر بە شودان بەردەوام بووە، شووکردنی کچان بە کوڕانی کوردی هەندەرانو کۆچی گەنجان بەتایبەت ئەوانەی خێزانیان پێکەوەناوە کاریگەری تەواوی هەبووە لە تێکدانی شیرازەی خێزانی کوردیدا، هەریەکە لەو شێوازانە دەرهاویشتەیەکی ترسناکیان لێکەوتۆتەوە ئەویش جیابونەوەیە، ئیدی بەهۆی هەڵە گرتنەبەری ڕێگەچارەی هەریەك لە دوو هاوسەرەکەوە بێت، یان کاریگەری کەسوکاریان بێت، دەرئەنجام توێژێك لە کۆمەڵگا هەرچەند کەمیش بن دروستبووە، ئەوانیش بە وتە تەقلیدیەکەی خۆمان ژمارەیەك بێوەژنی گەنجن کە بەهیچ شێوەیەك نەباسیان دەکرێتو نەگوێ لە داواکاریەکانیان دەگیرێو نە پێداویستی ژیانێکی شەرەفمەندانەیان بۆ دابیندەکرێ.

ئەو بێوەژنە گەنجانە کە تەمەنی زۆربەیان لە ٢٥ ساڵ تێپەڕناکاتو پاش ماوەیەك لە ژیانی هاوسەری ئیدی ئەو ماوەیە هەر چەندێك بێت جیابوونەتەوە، هەندێك لەو ژنانە منداڵیكو هەندێکیشیان زیاد لە منداڵێکیان هەیە، جاری وا هەیە منداڵەکان لەنێوان کەسوکاری هەردوو هاوسەرەکەدا دابەش دەکرێنو دەکرێنە دوژمنی یەکتر (ئەوە باسێکی ترە) .

پاش تەواوبوونی پرۆسەی جیابوونەوەکە جاری وا هەیە ژنەکە بە منداڵەوە دەچێتەوە ماڵی باوکی، کە لەم قۆناغەوە ئیدی ئەو ژنەی جیابۆتەوە روبەرووی کۆمەلێك قەیران دەبێتەوە، کە تەواو ژیانی تاڵدەکەن، (تاڤگە) دانیشتووی شاری سلێمانیە دەڵێت: "لەگەڵ هاوسەرەکەمدا یەکمان خۆشئەویست، بەڵام خەسوەکەم ژیانی تێکداینو جیا بووینەوە، بە منداڵێکەوە چوومەوە ماڵی باوکم، هەستمکرد تەواو لە خۆمو منداڵەکەم بێزارن، خوشکێکم شوویکردوەو قاتی سەرەوەی ماڵەکەیان چۆڵبوو وتی: وەرەو کرێی خۆت بدەو منیش چوومە ئەوێ، بەڵام لە هەموو چوونە دەرەوەیەك زاواکەمانو خوشکەکەم دەبێتە شەڕیانو پێی دەڵێت:



خوشکە بێوەژنەکەت بۆ کوێ چووەو بە دوای چیدا دەگەڕێت؟ تەنانەت ئەگەر بچم پێداویستی بۆ منداڵەکەشم بکرم".

(تاڤگە) بە گریانەوە وتی:"چەند جار منداڵەکەم بەشەو پێویستی بە پزیشك بووە نەموێراوە هەربچمە خوارەوەو بە خوشکەکەم بڵێم." لە درێژەی قسەکانیدا دەیوت:"دۆزەخی ئێمە هەر کۆمەڵگا نیە کە بەکەم سەیرمان دەکەن، بەڵکو ماڵەوەش دۆزەخێکی ترە، ئینجا پێداویستی منداڵ لەلایەکی ترەوە بوەستێت هەمیشە دەگریم‌و دەڵێم من لەڕووی دەروونیەوە تێکشکاوم، ئەی چۆن بتوانم منداڵیش پەروەردە بکەم؟

چیرۆکی تاڤگەم بۆیە هەڵبژارد کە ژنێکی دانیشتووی ناو شاری سلێمانیەو لە فەرمانگەیەك کاردەکات. بۆئەوەی خوێنەر هەوڵبدات درکی کۆژانی ئەو ژنانە بکات، ئەگەر نموونەکە تۆزێك فراوان بکەین‌و بچینە دەرەوەی شارو لای بێوەژنێکی تەمەن ٢٠ساڵ کە لە ماڵی باوکی دانیشتووەو منداڵیشی هەیە، نە دەزانێت چۆن مەسرەفی ئەو منداڵە بکات‌و چی بکات تا نەکەوێتە بەرتەشەری ئەو خەڵکە؟ ڕۆژانە ئەو ژیانە دووبارە دەبێتەوەو ڕۆحی دەکرۆژێت‌و لە چاوەڕوانی هیچدایە، چۆن بیگوزەرێنێت؟ دیارە کۆژانی ڕۆژانەیان زۆرو زۆرتر دەبێت کەسیش نیە گوێیان بۆ بگرێت، لێرەدا دەزگاکانی حکومەت ئەرکێکی هەنووکەیی‌و پێویستیان دەکەوێتە سەرشان لە دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوون، کە کێشەی زۆرینەیانەو زامنکردنی بیمەیەکی بێکاری، بەتایبەت کە ژمارەیەکیان نەخوێندەوارن، یاخود ماڵە باوکیان ڕێگەیان پێنادەن بچنە دەرەوەی ماڵ کاربکەن. کارئاسانیکردن بۆ ئەو ژنانەو منداڵانی ئەو بەشە لە ژنان ئەرکی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان‌و ڕێکخراوەکانە، دواجار بەتواناکردنی ئەو ژنانەو هاوکاری‌و پشتگیریان لەڕووی مەعنەویەوە ئەرکێکی تری دەزگا ڕەسمیەکانەو کۆمەڵگاش لێرەدا دەبێت ڕۆڵی هەبێت تیایدا بە جۆرێك ئەو وێنە بچووك‌و بەرتەسك‌و ناعادیلانەیە بۆ ئەو بەشە لە ژنان تەواو بگۆڕێت‌و متمانەیان پێبکرێت بۆ ئەوەی چیدی بڕوایان بە خۆیان لەقتر نەبێت‌و بتوانن ژیانێکی ئاسایی بگوزەرێنن‌و منداڵەکانیشیان هەستنەکەن لە منداڵانیتر جیاوازن، ئەرکی ڕێکخراوەکانی ژنانیشە کە بەشێك لە پرۆژەکانیان لە خزمەتی ئەو توێژە بێت، پێویستە کۆمەڵگاش درك بەوە بکات ئەگەر ئەو ژنانە کاربکەن یا بچنە دەرەوە یا بخوێنن بە مەبەستی ژیان نەك گەڕان بەدوای سێکسدا.